# حوكمی بەشداری كردن لە هەڵبژاردنەكاندا لای شێخ ابن عثیمین

[ كردي – كوردی – kurdish ]

شێخ موحەممەد ساڵح العثیمین

**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حكم المشاركة في الانتخابات عند الشيخ ابن العثيمين

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح العثيمين

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

## حوكمی بەشداری كردن لە هەڵبژاردنەكاندا لای شێخ ابن عثیمین

**پرسیار** : ئایا حوكمی ئەو هەڵبژاردنانەی ئێستا لە كوەیت بەرێوە دەچێت چیە ؟ بۆ زانیاریشتان زۆربەی ئەو كەسانەی كە لە ئیسلامییەكان وبانگخوازەكان بەشداری ئەم هەڵبژاردنانەیان كردووە، دووچاری تاقیكردنەوە و فیتنە بوون لە دینەكەیاندا ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

من وای بۆ دەبینم كە هەڵبژاردن واجبە، پێویستە لەسەرمان ئەو كەسانە دیاری بكەین وهەڵیانبژێرین كە خێریان تێدا دەبینین، چونكە ئەگەر هاتوو كەسانی باش و چاك بەشداری نەكەن ئەی كێ جێگایان دەگرێتەوە ؟ بێگومان كەسانی خراپ و خراپە كار، یان كەسانێك كە نە خێریان هەیە و نە شەڕیش، لەكوێوە با هات لەوێوە شەن دەكەن، بۆیە پێویستە لەسەرمان كەسانێ چاك و صاڵح هەڵبژێرین، ئەگەر هاتوو كەسێك ووتی : ئێمە كەسێكی باشمان هەڵبژاردووە، بەڵام زۆرینەی ئەنجومەنەكە كەسانی باش

نین، بەو کەسە دەڵێین : قەیدی ناکات، چونکە ئەگەر ئەو تاکە کەسە خوای گەورە بەرەکەتی تێخست لەو ئەنجومەنەدا قسەیەکی خێری کرد ئەوا بێگومان کاریگەری خۆی دەبێت، ئەوەی ئێمە پێویستمانە ڕاستگۆییە لەگەڵ خوای گەورەدا چونکە ئێمە ئەمەمان کەمە، پشت بە هۆکارە مادیی و بەرجەستە بووەکان دەبەستین و خوای گەورەمان لەبیر چووەتەوە و گوێ بۆ خوای گەورە ناگرین، گریمان ئەو ئەنجومەنە تەنها چەند کەسێکی ڕاستگۆ و بۆ خوا صوڵحاویان تێدا بوو، ئەوانە ئەگەر ڕاست بکەن لەگەڵ خوای گەورەدا بێگومان سوودی دەبێت، بەڵام وەك ووتم بەو مەرجەی ڕاستگۆ بن لەگەڵ خوای گەورەدا .

سەبارەت بەو ووتەیەش کە دەڵێت : هەڵبژاردن دروست نییە ، وە دروست نییە بەشداری فاسیقەکان بکەیت ولەگەڵیاندا دابنیشیت، من دەپرسم : ئایا ئێمە لەگەڵیاندا دادەنیشین تاوەکو پشتگیریان بکەین و هاوڕا بین لەگەڵیاندا، یاخود بۆ ئەوە دادەنیشین کە هەق و ڕاستیان بۆ ڕوون بکەینەوە ؟

هەندێك لە برایانی خاوەن عیلم وزانست ووتویانە : دروست نییە بەشداری هەڵبژاردن بکەیت چونکە کەسێکی باش و دامەزراو لە تەنیشت کەسێکی خراپەکار و مونحەریف دادەنیشێت، من دەپرسم ئایا ئەم کەسە باش و دامەزراوە بۆ ئەوە دانیشتوە لەو ئەنجومەنەدا کە خۆیشی خراپ بێت و ئینحراف بکات ؟ یان بۆ ئەوە دانیشتوە خراپە و کارە خوار وخێچەکان ڕاست بکاتەوە ؟ بەڵێ بۆ ئەوە دانیشتوە کە خراپە نەهێڵێت و کاروبارە لار و خوار و خێچەکان ڕاست بکاتەوە، ئەگەر لەم جارەدا سەرکەوتوو نەبوو، بە یارمەتی خوای گەورە لە جاری داهاتوودا سەرکەوتوو دەبێت .

پرسیارێك دواتر دەڵێت : یاشێخ ئایا فەتواتان داوە بە دروستی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا، وە ئایا حوکمەکەی چیە ؟

وەڵامی شێخ جارێکی تر : بەڵێ فەتوامان بەوە داوە، وە پێویستە وابێت، چونکە ئەگەر موسڵمانان دەنگیان نەبێت و بەشداری نەکەن، مانای وایە پەرلەمان یەکلای دەبێتەوە بۆ کەسانی خراپەکار، جا ئەگەر موسڵمانان بەشداری هەڵبژاردنیان کرد،

ئەوا ئەو کەسەی شیاوە بۆ ئەو جێگایە هەڵیبژێرن، بەمەش خەیر و بەرەکەت دێتە دی .

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : لقاء الباب المفتوح للشيخ ابن عثيمين رحمه الله .. رقم الشريط ٢١١ فتوى للشيخ العلامة الفقيه محمد بن صالح العثيمين رحمه الله)